# پاراستنی مافی پێکهاتەکان
# لە هەرێمی کوردستان

مۆدێلێکی خۆماڵی

MERI

ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی
ناوەڕاست بۆ توێژینەوە



مافی بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ
ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە © ٢٠١٥

هەولێر - هەرێمی کوردستان - عێراق

www.meri-k.org | info@meri-k.org | +964(0)662649690

ئینستیتیوتی مێری لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە بەرواری ٢ تەممووزی ٢٠١٣ - بە ژمارە ٨٤٣ك تۆمارکراوە.

# ناوەرۆك

پێشەکی . . . . . ٤
دەستووری هەرێم و پاراستنی مافی پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکان . . . . . ٦
شەراکەتی راستەقینە و گەرەنتی ئایندە . . . . . ٧
نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لە پەرلەمان و حکومەت . . . . . ٧
مۆدێلی سەرکەوتوو لە جیهانی سەردەم . . . . . ١٠
مۆدێلێکی خۆمالّی: دامەزراندنی دوو ئەنجومەن بۆ پێکهاتەکان . . . . . ١١
پەیکەری کارگێڕی هەردوو ئەنجومەن . . . . . ١٢
ئامانج و رۆڵی ئەنجومەن . . . . . ١٤
قۆناخەکانی گەشەکردنی دوو ئەنجومەنەکە . . . . . ١٦
دوا پەیام . . . . . ١٨

# پێشەکی

نوسینەوەی دەستوور دەرفەتێکی بێهاوتای هێناوەتە کایەوە بۆ چاوپێخشاندنەوە بە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی و زیاتر دەوڵەمەند کردنی ئەزموونی دیموکراسیەت لە هەرێمی کوردستان، وە بۆ پاڕاستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری لە ڕێگای چەسپاندنی مافی سەرجەم هاونیشتیمانیانی هەرێم بەبێ جیاوازی ئێتنی (ڕەگەزی – نەتەوەیی) و ئایینی. دوابەدوای توێژینەوە و ڕاوێژکردن لەگەڵ نوێنەرانی پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکان، ئینستیتوتی مێری هەڵساوە بەئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە بۆ هاوکاریکردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی و داهێنانی میکانیزمێکی نوێ بۆ نوێنەرایەتیکردن و بەشداری پێکردنی پێکهاتەکان لە پرۆسەی یاسادانان و جێبەجێ کردن و بەدواداچوونەدا.

بە درێژایی چەرخەکان، لە دەرئەنجامی هاتوچۆ و کۆچ و نیشتەجێی کۆمەڵانی خەڵک، هەرێمی کوردستان وەک باقی وڵاتانی سەر زەمین دیموگرافیایەکی مۆزایکی لێ پەیدا بووە، کە سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکان بوونەتە خاوەن ماڵ و بەشداریان لە پەرەپێدانی نیشتیمانەکە کردووە و مافی یەکسانیشیان بەسەر خاک و سامان و چارەنووسە هاوبەشەکەیەوە پەیدا کردووە. خەڵکی هەرێمی کوردستان هەمیشە شانازی بەوە دەکەن کە لە دێرینەوە نیشتیمانە هاوبەشەکەیان وەک بێشکەیەک وابووە بۆ لەخۆ گرتن و پاڕاستنی کۆمەڵگا خاوەن ڕەگەز و ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان.

لە باشووری کوردستاندا (بە سنووری ئیداری ئێستای هەرێم و ناوچە تازە ڕزگارکراوەکانیشەوە)، زۆرینەیەک فەرمانڕەوایە کە بە ڕەگەز کوردە و بە ئایین موسڵمانە. هەژموون و کاریگەری ئەو شوناسنامەیەش بەسەر کەلتوور و بیرکردنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمەکەوە زاڵە، ئەوەش لە کاتێکدایە کە چەندین پێکهاتەی ئێتنی و ئایینی دیکە لە هەرێمی کوردستان هەن کە خاوەنی زمان و کەلتوور و نەریتی کۆمەڵایەتی جیاواز و تایبەتن.

لەنێو پێکهاتە ئێتنیە خاوەنماڵە غەیرە کوردەکان، تورکومان و عەرەب و ئەرمەن و کلدۆئاشوورییەکان (کلدانی و ئاشووری و سریانی) هەن. لە نێو پێکهاتە ئاینییەکان جگە لە موسڵمان، پێکهاتەی ئێزدی و کریستیان و کاکەیی بە ژمارەی بەرچاو هەن، و پکێهاتەی ئاینی دیکەی وەک زەردەشتی و سابیئە و بەهائی هەن کە بەژمارە کەمترن و هەندێکیان بەودواییە لە هەرێمدا پەیدا بوونە.

مایەی خۆشحاڵیە کە مافی ئەو پێکهاتانە لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمدا دانی پێدانراوە و لە زۆربەی یاسا و ڕێسا پەیوەندیدارەکان ئاماژەیان پێکراوە. بەڵام ئەزموونی شەڕە تایەفەگەری و مەزهەبیەکانی ئەو دواییەی ناو عیراق و ئەزموونی سەردەمی فەرمانڕەوا دیکتاتۆریەکانی پێشووی عیراق کەلێنی بەرچاویان لەنێوان پێکهاتەکان دروستکردووە. بەجۆرێک باڕێکی دەروونی و سیاسی پڕ لە تەنگژەیان دروست کردووە کە خاوکردنەوەیان کارێکی قورسە. ئەو ئەزموونانە سەلماندوویانە کە لێکترازاندنی پێکهاتەکانی وڵات ئاسانە بەڵام لێکبەستنەوەیان و دروستکردنەوەی هەستی هاونیشتیمانێتی لە نێویاندا کارێکی ئاسان نیە، بەڵکو پێویستی بە پڕۆسەیەکی جیددی و دڵنیاکەرەوەیە بۆ چەسپاندنی مافی پێکهاتەکان لە دەستوور و یاسا و ڕێساکانی وڵات و بەشداری پێکردنیان لە بڕیاری سیاسی و فەرمانڕەوایەتی لوتکەییدا.

ئەگەر هەستی خاوەنماڵێتی و هاونیشتیمانێتی لە نێو ئەو پێکهاتانەی هەرێمدا پتەو نەبێ، مەحاڵە وڵاتەکە هەتاسەر سەقامگیر ببێ وەیان پێش بکەوێ. هاوشێوەی عێراق، ئەو وڵاتانەی کە لە سەرەتاوە وەبەرهێنانیان لە پێکەوەبەستنەوەی پێکهاتە ئێتنی و ئاینی و مەزهەبیەکاندا نەکردبێ ئەوا زوو یان درەنگ دووچاری لێکترازان و دووبەرەکی ناوەکی و دواتر هەڵوەشانەوە دەبنەوە. ئەگەر هەرێمی کوردستان چاوی لە سەقامگیری و سەرفرازی و بەدەوڵەتبوون بێ و دەیەوێ پێکهاتەکانی لێک نەترازێن و هەمیشە بە پتەویی بمێننەوە، ئەوا چ ڕێگەیەکی لەبەردەمدا نیە لە غەیری قوواڵکردنەوەی ئەزموونی دیموکراسیەت و دابین کردنی مافی سەرجەم پێکهاتە ئێتنی و ئاینیەکانی.

# دەستووری هەرێم و پارێزگاری مافی پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکان

کاتی نووسینەوەی دەستوور کاتێکی گونجاوە بۆ پێداگیری لەسەر جێگیرکردنی مافی پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکانی هەرێم، و گوێگرتن لە خواست و بۆچوونی نوێنەرانی ئەو پێکهاتانە بۆ پارێزگاری مافەکانیان. پێویستە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی هەرێم ڕەنگدانەوەی شێوازە مۆزایک و هەمەڕەنگەکەی دانیشتوانی هەرێم بێت، هەر لایەنی سیمبولّی و کەلتووریەوە هەتا دەگاتە بڕیاری سیاسی و ئاسایشی و بەرگری.

پێویستە لە دەستووری هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی گشتگیر جەخت لە مافی سەرجەم پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکانی کوردستانی باشوور بکرێتەوە و بە شێوەیەکی دەستنیشانکراویش ناوی سەرجەم ئەو پێکهاتانە بهێندرێت. هاوکات پێداگیری لەسەر بەشداری پێکردنیان لە پرۆسەی فەرمانڕەوایەتی بەپێی یاسا بکرێتەوە.

لە ڕووی سیمبولّیەوە، پێویستە ئاماژەیەکی زەق و ئاشکرا لە ئالاّ و سروودی نیشتیمانی هەرێمدا بە هێمای سەرجەم پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکانی هەرێم بکرێت. میکانیزمی تۆکمە بۆ پارێستنی کەلتوور و زمانی پێکهاتەکان شانبەشانی کوردی دابڕێژرێت. ڕۆژی نەتەوەیی و ئایینی هەموو پێکهاتەکان دەستنیشانبکرێت و بەرز ڕابگیرێت و بە فەرمی لە ڕۆژنامەی حکومەتدا ئاماژەیان پێبکرێت. لەو شوێنانەی کە هەریەکێک لەو پێکهاتانە زۆرینەیە، زمانەکەیان دانی پێدا بنرێ، بۆ نموونە پێویستە زمانی تورکومانی شانبەشانی زمانەکانی کوردی و عەرەبی بکرێنە زمانی فەرمی، بەتایبەتی لە شارێکی وەک کەرکوک. لە نێو سیستەم و دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایەتیدا، پۆستی سیادی و غەیری سیادی و کارگێڕی لە جومگە گرنگەکاندا بۆ نوێنەرانی پێکهاتەکان بەپێی ڕێژە و گونجاویەتی دیاری بکرێت. پۆستی هەستیار لە جومگە گرنگەکانی پۆلیس و ئاسایش و بەرگری بۆ خەڵکانی پێکهاتەکان بەپێی ناوچەی جوگرافی و ڕێژەی پێکهاتەکان و لێهاتوویی و شارەزایی دیاری بکرێت.

ئەوانەی سەرەوە نموونەی زەقن بۆ مەسەلەی پێدانی مافی پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکانی هەرێم، و پێشتریش لە بواری جیاوازدا بە شێوازی جیاواز جەختیان لەسەر کراوەتەوە. بەڵام دابین کردنی مافی پێکهاتەکان تەنیا بە دەستوور وەیان بە یاسایەک و یاخود دوان نایەتەدی، بەڵکو ئەو پرۆسە ئاڵۆزە پێویستی بە خەباتی بەردەوام و بێوچان هەیە لە لایەن خەڵکانی پسپۆڕ و تایبەتمەندەوە.

ئەم پرۆسەیە، پێویستی بە دامەزراوەیەک هەیە کە متمانەی پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکانی پێ بدرێت بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی پێکهاتەکان و دۆزەکانیان بکات. ئەو جۆرە دامەزراوەیە پێویستی بەوەیە کە بە پێی یاسای تایبەت و بە تەمویلی فەرمی حکومەت ئەرک و بەرپرسیارێتی وەدەستهێنانی مافی پێکهاتەکان بگرێتە ئەستۆ، و ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی. واتە بە ڕاستەوخۆیی و لە ناو هەناوی سیستەمەوە هاوکاری پەرلەمان و حکومەت بکات لە پرۆسەی یاسادانان و بڕیاردان و جێبەجێ کردن و بەدواداچوون. لە ئێستادا ئەو جۆرە دامەزراوەیە لە هەرێمدا، کە بە فەرمی نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لە نێو سیستەمی فەرمانڕەوایەتیدا بکات، دانەهێندراوە.

## نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لە پەرلەمان و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم

دیارە کە ژمارە و ڕێژەی پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانی باشوور لێک جیاوازن، وە ئەو ڕێژانەی کە ئێستا لە چوارچێوەی سێ پارێزگایەکەی هەرێم (دهۆک و هەولێر و سلێمانی) بە مەزەندە دیاری کراون، جیاوازن لە ڕێژەکانی نێو ناوچە دابڕێندراوەکانی سەر بە پارێزگایەکانی موسڵ و کەرکوک و دیالە. بەوەش لە حاڵەتی تێکەڵبوونەوەی هەرێم و ناوچە دابڕێندراوەکان (جێناکۆکەکان)، ڕێژەکان جارێکی تر گۆڕانکاری گەورەیان بەسەر دادێت.

ئاشکرایە کە جارێ لە هیچ پارێزگا و شار و شارۆچکەیەکدا سەرژمێریەکی بڕوا پێکراو لە ئارادا نیە بۆ ئەوەی بتوانرێ ژمارە و ڕێژەی پێکهاتەکان دیاری بکرێت وەیان هیچ نەبێ بە مەزەندە بەراوردیەکیان لەنێواندا بکرێت. بۆیەش لەو ڕاپۆرتەدا هەوڵی ئەوە نەدراوە ژمارە و ڕێژەی دانیشتوان و نوێنەرایەتی پێکهاتەکان بەوردی دیاری بکرێت.

لە دوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ دا، ئەنجومەنی نیشتیمانی (پەرلەمانی) کوردستان بە سەد کورسی گشتی و پێنج کورسی پارێزراو (کۆتا) بۆ کریستیانەکان پێک هات. لەو خولەدا کورسی کۆتا بۆ پێکهاتە ئێتنی و ئاینیەکانی غەیرە کریستیان دابین نەکرا. لە خولی دووەم لە ساڵی ٢٠٠٥، کورسیەکانی کۆتا کرانە یازدە دانە، پێنجیان بۆ تورکومان و پێنجی تر بۆ کریستیانە ئاشوری و سریانی و کلدانیەکان و دانەیەک بۆ ئەرمەن. بەڵام هیچ ڕێژەیەکی پارێزراو بۆ عەرەب و ئێزدی و کاکەیی و پێکهاتەکانی دیکەی وەک زەردەشتی دانەنرا.

لە ئاستی ئەنجومەنی وەزیراندا، پۆستی وەزاری تایبەت بۆ هیچ کام لە پێکهاتە ئێتنی و ئاینیەکان بە شێوەیەکی فەرمی دیاری نەکراوە، بەڵام لە زۆربەی کابینەکاندا حیسابی تایبەت بۆ کریستیان و تورکومان و ئێزدیەکان کراوە، بەوەی کە خەڵکانێک کرانە وەزیر تەنیا لەبەر ئەوەی بە ناسنامە سەر بەو پێکهاتانە بوون، بەبێ ڕەچاوکردنی ئاستی لێهاتوویی سیاسی و شارەزایی تەکنۆکراتی. شاراوە نیە کە ئەو جۆرە پۆستەهەڵگرانە بە ویستی دەسەڵاتدارانی کوردی دەستنیشان کراون و بە مەرجی دۆستایەتی زۆرینە کوردەکە وەیان هیچ نەبێ بە مەرجی لایەنگریەتی لایەنێکی دەسەڵاتداری کوردی دانراون.

ئیتر هەروەک چاوەڕوانکراو بوو، ئەو جۆرە بەشداریە سیمبولّیە نەبووە ئەزموونێکی سەرکەوتوو بەڵکو لە چەندین لاوە دەرکەوت ئەزموونێکی نێگەتیڤە. لە لایەکەوە، کۆمەڵگای کریستیان و تورکومان و ئێزدیەکان ئەو وەزیرانەیان بە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان نەزانیوە، بەڵکو بە بەشێکی دانەبڕاو لە دەسەلاتدارانی زۆرینەیان زانیون، بەو هۆیەوە ئاستی متمانەیان بە دەسەلاتی فەرمانڕەوایەتی نە زیادی کردووە و نەکەم. پێکهاتەکانی دیکەی وەک عەرەب و کوردی کاکەییش لەو نێوەدا بێبەش بوونە.

لـه لایەکـی تریشـەوە، خـودی وەزیـرەکان کەوتبوونـه نێـوان دوو بەرداشـەوە. بـه دیوێکـەوە نەیانتوانـی کارێکـی وابکـەن کـه ئەندامانـی پێکهاتەکانیـان دڵنیـا بکەنـەوە وە یـان گۆڕانکاریەکـی بەرچـاو لـه سیسـتەمی فەرمانڕەوایەتـی بـۆ دابیـن کردنـی مافـی پێکهاتـەکان بێننـه کایـەوە، وە بـه دیوەکـەی تریشـەوە بەهـۆی شـێوازی دامەزراندنیـان، زۆربەیـان لـه کارە وەزاریەکانیـان سـەرکەوتوو نەبـوون و ڕابەرایەتیەکـی شایسـتەیان پێشـکەش بـه دامەزراوەکانیـان نەکـرد.

سـەبارەت بـه پێکهاتـه ئاینیەکانـی هەرێمیـش، بەڕێوەبەرایەتیەکـی گشـتی لـه وەزارەتـی ئەوقافـی هەرێمـدا دامـەزراوە بـۆ کاروبـاری ئاینـی غەیـرە موسـڵمانەکان. بـەڵام زۆڵـی ئـەو بەڕێوەبەرایەتیـه گشـتیە نـەک تەنیـا سـنووردارە و پەیوەنـدی بـه پێکهاتـه ئێتنیەکانـەوە نیـه، بەڵکـو لـه ڕووی کەلتـوور و زمـان و فەرهەنـگ و مافـی دیموکراسـیەکاندا ناتوانێ زۆڵـی کاریگـەر لـه سیسـتەمدا ببینـێ.

دیـارە کـه ئـەوەی لـه پێشـتر کـرا، بەکـەم یـان بـەزۆر، ڕەنگدانـەوەی نیەتچاکـی و مـەودای جیددیەتـی دەسـەڵاتی کـوردی بـوو لەمـەڕ داهێنانـی سیسـتەمێکی هەمەڕەنـگ و دیموکراسـی، بـەڵام نەبـووە هـۆی دابیـن کردنـی مافـی پێکهاتـەکان و شـەراکەتی ڕاسـتەقینە لـه سیسـتەمی فەرمانڕەوایەتیـدا. وە نەبـووە هـۆی ڕاکێشـانی سـەرنج و متمانـەی پێکهاتـه جیاوازەکانـی ناوچـه دابڕێنـدراو و جێناکۆکـەکان، بـه تایبەتـی هـی تورکومـان و عەرەبەکانـی پارێـزگای کەرکـوک و کریسـتیانەکانی دەوروبـەری موسـڵ و ئێزدیەکانـی ناوچـەی شـەنگال.

ئـەو شکسـتەش لـه ئێسـتادا بووەتـه بەربەسـتێکی گـەورە لەبـەردەم وەدەسـتهێنانی دەنگـی ئـەو پێکهاتانـه لـه هـەر ڕیفراندۆمێکـی یەکلاکـەرەوە لەسـەر چارەنووسـی ئـەو ناوچانـه. خـۆ ئەگـەر بـه حوکمـی بارودۆخ و واقیعـی نـوێ، پێکهاتەکانـی ناوچـه دابڕێنـدراوەکان بـه ئەمـری واقیـع یـان زەبـری هێـز وەیـان بـه حوکمـی دەنگـی زۆرینـەی ڕەهـا بخرێنـەوە سـەر هەرێـم، ئـەوا هیـچ گەرەنتیـەک لـه ئـارادا نیـه بـۆ ئـەوەی دواتـر نیگەرانـی ئـەو پێکهاتانـه نەبنـه هـۆی بنکۆڵکردنـی سیسـتەمی فەرمانڕەوایەتـی کـوردی و لێکترازاندنـی کۆمەڵگاکانـی کوردسـتانی باشـوور.

لە وڵاتە دیموکراسیە ڕەسەنەکانی وەک ئەمەریکا و ئەورووپای ڕۆژئاوا، مافی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی بەجێگەیاندنی مافی تاکەکەسدا دابین کراوە. سەرباری ئەوەش میکانیزمی پاڕاستن و هاندانی کەلتوور و شوناسنامە و فەرهەنگ و پەروەردەی کۆمەڵایەتیشیان دابین کراوە، و لە پەرلەمانەکانیشدا گروپی لۆبیکردن (بۆ نموونە کۆکەس) پێک دەهێندرێن بۆ کارکردنە سەر پرۆسەی یاسادانان و پەیوەندی کردن بە بڕیاردەرە فەرمانڕەواکان.

دیارە لەو جۆرە وڵاتانەی کە دەمێکە تێیاندا یاسا سەروەرە هۆکاری گرژی لە نێوان کۆمەڵگاکانی ئەو وڵاتانە لەسەر بنەمای ئێتنی و ئایینیدا کەمتر بووە لە گرژیەکانی نێوانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی چین و ئایدیۆلۆژیای جیاوازەوە.

لە وڵاتانی دیکەی وەک ئەورووپای ڕۆژهەڵات، کە ئەزموونی دیموکراسی تێیاندا نوێیە، لە قۆناخی سەرەتایی بەدیموکراسیکردنیاندا (لە سەرەتا و ناوەڕاستی نەوەدەکان)، گرژی نێوان پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکان بە دابین کردنی مافی تاکەکان چارەسەر نەدەکرا، بۆیە مۆدێلی کۆمەڵپارێزیان هێنایە کایەوە. یەکێک لەو مۆدێلانەی شایستەی ڕەچاو کردنە ئەوەیانە کە لە ڕۆمانیا و سێربیا و بۆسنیا و کڕواتیا بە سەرکەوتوویی ئەنجام دران. لە هەریەک لەو وڵاتانەدا ئەنجومەنێکی تایبەت بە کەمینەکان لە نێو پەرلەماندا دامەزرێندرا، کە ڕۆڵی ڕاوێژکاری و چاودێری و بەدواداچوون لە نێو سیستەمی فەرمانڕەواییەتیدا دەبینێ.

بێگومان، فەرهەنگ و کەلتووری کۆمەڵایەتی و ئەزموونی دیموکراسیەت لەنێو وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەلات زۆر لێک جیاوازن، بۆیەش ناکرێ هەمان مۆدێل بەبێ جیاوازی بە وورەکاریەوە لە سەرجەم ئەو وڵاتانەدا پەیڕەو بکرێ. هەر بۆیەش ئەو مۆدێلە لە وڵاتانی کۆسۆڤۆ و مەسەدۆنیا بەقەدەر ئەوانی دیکە سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام دەکرا بە دەستکاریەوە سەربخرێت.

بە ڕەچاوکردنی کەلتووری فەرمانڕەوایەتی و مێژووی سەرهەڵدانی دیموکراسیەت لە هەرێمی کوردستان، وە بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، پێویستە مۆدێلێکی گونجاو بەڵام بە دروینێکی خۆماڵی پێشنیاز بکرێت. مۆدێلێک کە لە ئاستی خواستی پێکهاتە ئێتنی و ئاینیەکانی هەرێم بێ، کە لە نێو دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردندا نوێنەرایەتیەکی ڕاستەقینە بۆ پێکهاتەکان مسۆگەر بکات، و کەناڵی ڕاستەوخۆی لۆبیکردنیشیان بۆ کارکردنە سەر پڕۆسەی بڕیاردان بۆ زامین بکات.

**ئینستیتیوتی مێری** پێشنیازی دامەزراندنی دوو ئەنجومەنی تایبەت دەکات بۆ نوێنەرایەتی هەریەک لە پێکهاتە ئێتنی و ئاینیەکان لە ناو سیستەمی فەرمانڕەوایەتیدا.

- **ئەنجومەنی پێکهاتە ئێتنیەکان** بۆ نوێنەرایەتی کردنی پێکهاتەی تورکومان و عەرەب و کلدانی و ئاشوری وسریانی و ئەرمەنی.
- **ئەنجومەنی پێکهاتە ئاینیەکان** بۆ نوێنەرایەتی کردنی پێکهاتەی ئێزدی و کریستیان و کاکەیی و زەردەشتی و سابیئە و بەهائی. دیارە کە زۆربەی کریستیانەکانی هەرێم لە نەتەوەی ئەرمەن و کلدۆئاشووریەکانن و تەنیا کەمینەیەکی بە ڕەگەز کورد هەن کە بوونەتە کریستیان. بۆیە، دەکرێ نوێنەرانی ئەرمەن و کلدۆئاشووریەکان ئەندام بن لە هەردوو ئەنجومەندا.

جێگەی ئاماژەیە، کە پێکهێنان و دامەزراندنی ئەو دوو ئەنجوومەنە شوێنگرەوەی سیستەمی ئێستا و نوێنەرانی ئەو پێکهاتانە لە پەرلەمانی کوردستاندا نیە، و بەریەککەوتن لەگەڵ کار و دەسەڵاتەکانیان ناکات. بەڵکو بە شێوازێکی دامەزراوەیی (موئەسسەساتی) گوڕێکی تر دەداتە کاریگەریی هەوڵی ئەو نوێنەرانە و بۆ زیاتر چەسپاندنی مافەکانی ئەو پێکهاتانەیە.

دەمێکە کەلتووری دامەزراندنی ئەنجومەن و دەستەی بالا لە هەڕێمدا پەیدا بوونە، بەڵام زۆربەیان ڕاستەوخۆ لە ئاستی خوار کابینەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە حکومەتەوە بەستراونەتەوە و لەو ڕێگەیەوە لە پڕۆسەی بڕیاردان و جێبەجێ کردندا بەشدارن. لەوانە ئەنجومەنی بالای خانمان و دەستەی مافی مرۆڤ و دەستەی وەبەرهێنان و دەستەی ژینگە و دەستە و دامەزراوەکانی تر. پەیکەری کارگێڕی هەریەک لەو دەستە و ئەنجومەنانەش بەپێی سروشت و ئامانج و پێداویستیەکانیان جیاوازە، بەڵام لە ڕووی بیرۆکراسیەتەوە هەموویان بە شێوازێکی کلاسیکی داڕێژراون، کە بۆ پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکان پڕ بەپێستی ئامانجەکان نابێ.

لێرەدا **ئینستیتیوتی مێری** پێشنیاز دەکات کە هەردوو ئەنجومەنی پێکهاتەکان بە شێوازێکی نوێ و جیاواز لە ئەنجومەنە کلاسیکیەکانی تر و لە چوارچێوەی پەرلەماندا دابمەزرێن، بەجۆرێک کە لە ڕووی ستەرەکچەرەوە ئاوێتەی پەرلەمان و حکومەت بن بۆ ئەوەی لە ڕێگەی نوێنەرە هەلبژێردراوەکان و هەڵگرانی پۆستی کارگێڕی بالای ناو حکومەتەوە کاریگەریان لەسەر دامەزراوەکانی یاسا دانان و جێبەجێ کردن و بەدواداچوونداهەبێ، و بتوانن لە ئاستێکی لوتکەیی و ستراتیژیەوە کار بۆ دابین کردنی ماف و گەشەپێدانی زمان و کەلتوور و پەروەردەی ئێتنی و ئاینی یەکە بەیەکەی پێکهاتەکان بکەن (سەیری نەخشەی هێڵکاری هەردوو ئەنجومەنەکە لە لاپەڕە "١٩" بکە).

## پەیکەری کارگێڕی هەردوو ئەنجومەن

لەو ڕاپۆرتەدا، **ئینستیتیوتی مێری** پێشنیاز دەکات کە:

١- هەردوو ئەنجومەن لە ڕووی کارگێڕی و داراییەوە بە پێی یاسایەکی تایبەت لە چوارچێوەی پەیکەری پەرلەمانی کوردستان جێگیر بکرێن، و لە ڕێگەی سکرتاریەتێکی بچووکدا کارەکانی هەلسورێنێت. ئەو دوو ئەنجومەنە لە ڕێگەی ئەندامەکانیەوە بە دامەزراوەکانی حکومەتەوە ببەسترێتەوە.

٢- هەریەکە لە پەرلەمانتارانی پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکان لە یەکێک لەو دوو ئەنجومەنە ببنە ئەندام و پێشڕەویەتی لە داڕێژتنی پەیڕەو پڕۆگرام و لە هەڵسوڕاندنیان بکەن، و دواتر پڕۆژەیاسای گونجاو بۆ ئەنجومەن دابڕێژن و پێشکەش بە پەرلەمانی بکەن. ئەوانە بە پێی سروشتی پیشەکانیانەوە بە ڕاستەوخۆیی کاردەکەنە سەر پڕۆسەی یاسادانان و چاودێری کردنی جێبەجێکردن لەلایەن حکومەتەوە.

٣- نوێنەری وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەت بە ئاستی بەڕێوەبەری گشتی لە ناو ئەو دوو ئەنجومەنەدا ببنە ئەندامی هەمیشەیی. ئەوانە خەڵکی تەکنۆکراتن مەرج نیە بە ناسنامە لە پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکان بن، بەڵکو وەک سەرکردەی کارگێڕی و نوێنەرایەتی وەزارەتەکانی وەک ئەوقاف و پەروەردە و خوێندنی باڵا و ڕۆشنبیری و لاوان و تەندروستی و پلاندانان و ناوخۆ و پێشمەرگە و شارەوانی و داد و ئەنجومەنی دادوەری دەکەن. ئەو بەڕێوەبەرە گشتیانە دەبنە پردێک بۆ ئاڵوگۆڕی داتا و زانیاری و ڕاوێژ و شیکردنەوە و بەدواداچوون لە نێوان پەرلەمان و دامەزراوەکانی حکومەت.

٤- هەر وەزیرێک وەیان هەڵگرێکی پۆستی سیادی لە ئایندەدا بە ڕێکەوت وەیان بەپێی ڕێکەوتن لەسەر پشکی پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکان دەستنیشان دەکرێن (بۆ نموونە جێگری سەرۆکی هەرێم وەیان جێگری سەرۆکی حکومەت و هی تر)، ببنە ئەندامی یەکێک لەو دوو ئەنجومەنە. ئەو ئەندامانە لە ئاستی لوتکەی بڕیاری فەرمانڕەوایەتیدا دەبنە کەناڵی هەماهەنگی بۆ گەیاندنی پەیام و پڕۆژە و ڕوانگەی پێکهاتەکان و بە ڕاستەوخۆیی کاردەکەنە سەر بڕیاری سیاسی و فەرمانڕەوایەتی.

٥- لەنێو پۆستەهڵگرە سیادیەکان وەیان پەرلەمانتارەکان یەکێک بە شێوازی خولی ببێتە سەرۆک، و دوانی تر (دیسان بە شێوازی خولی) ببنە جێگر. سەرۆکی هەردوو ئەنجومەن وەک چاودێر لە کۆبوونەوەکانی کابینەی حکومەتی هەرێمدا بەشدار دەبن و لەو ڕێگەیەوە کاردەکەنە سەر ستراتیژو بڕیارو شێوازی جێبەجێکردنیان.

سەرۆکی ئەنجومەن پلەی وەزیری بۆ تەرخان ناکرێت (مەگەر خۆی پلەی وەزیری هەبێت)، ئەوەش تاوەکو دانان و لادانی ئاسان بێت لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی پێکهاتەکانەوە، بەبێ ئەوەی پێویستیان بە پێدان و لێ سەندنەوەی متمانە بێ لە لایەن پەرلەمانەوە. دیارە کە هەر یەک لەو دوو ئەنجومەنە پێکهاتەی بچووک و گەورەتریان تێدا دەبێ و ڕێکەوتن لەسەر سەرۆکایەتی بۆ ماوەی دڕێژخایەن کارێکی ئاسان نابێ، بۆیەش واباشترە کە هەموو کاتێک سەرۆکایەتی خولی بێ، بەبێ تەرخان کردنی پلەی تایبەت.

لەمەودوا پێویست ناکات لە کاتی پێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێمدا خەڵکانێک تەنیا بەمەبەستی نوێنەرایەتیەکی سیمبوڵی و ڕووکەشی ئەو پێکهاتانە پۆستی وەزاریان پێ بدرێت.٠ بەڵکو بەو میکانیزمە نوێیە، نوێنەری ڕاستەقینەی پێکهاتەکان لە کابینەی حکومەتدا ڕۆڵی نوێنەرایەتی دەبینێ و بە ڕاستەو خۆیی کاردەکەنە سەر ستراتیژ و بڕیاری حکومەت.

٦- بۆ خاتری هەڵسوڕانی کاروبارەکان و دیراسەت کردن و پەیوەندیکردن و لۆبیکردن، پێویست دەکات لە ناو هەردوو ئەنجومەنەکەدا، چەندین لێژنە وەیان گروپی تایبەتمەند بە پێکهاتە جیاوازەکان و بوارە جیاوازەکان دروست بکرێن و بێجگە لە ئەندامانی دوو ئەنجومەنەکە، خەڵکانی دیکەی پسپۆر ببنە ئەندام تیایاندا.

## ئامانج و ڕۆڵی ئەنجومەن

ئامانج و ڕۆڵی هەردوو ئەنجومەنی پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکان بۆ ئەوەیە کە :

١- ڕاوێژ و پڕۆژەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی پرس و کێشەی تایبەت بە پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکان پێشکەش بە پەرلەمان و حکومەت بکەن، و هاوکاریان بکەن لە داڕێژتنی یاسا و ڕێسا و پۆڵەسی (سیاسات) و ستراتیژ و پلانی دڕێژخایەن بۆ دابین کردنی مافی یەکە بە یەکەی پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکان.

ب- لە ئاستی لوتکەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی و ئەنجومەنی وەزیرانەوە کار بکەنە سەر بڕیار و پۆلیسی و ستراتیژی حکومەت، و لە ئاستی بەڕێوەبەرە گشتیەکانەوە هەماهەنگی بکەن و کاربکەنە سەر پڕۆسەی بڕیاردان لەسەر وورەدەکاریەکان و شێوازی جێبەجێ کردن و بەدواداچوونی بڕیارەکان.

ج- بە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەت، ڕۆڵی چاودێر ببینن و بەدواداچوون بۆ ڕەوتی جێبەجێکردنی پڕۆسەکان بکەن. لە بواری تایبەت بە پێکهاتە ئێتنی و ئاینیەکاندا، ئەنجومەن مافی پەیوەندی کردن و پرسیار کردن و دەستکەوتنی زانیاری و پلان و ستراتیژی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکەی ببێ بۆ ئەوەی بتوانی بە چاکی بە کارەکانی خۆی هەڵبستێ و ئاگاداری سیاسەت و ڕەوشی ڕووداوەکان بێ. لە هەر سێ مانگ جارێک ڕاپۆرتی تایبەت بە ڕەوشی پێکهاتەکان پێشکەش بە پەرلەمان و حکومەت و ڕای گشتی بکەن بۆ ئەوەی بەڵگەکان بکەنە نیشاندەر بۆ قەوارەی کێشەکان و ڕەوتی پێشوەچوونی بەرنامەکان.

د- پەیوەندی بەردەوام بە تۆڕی دامەزراوە حکومی و ناحکومیە ناوخۆیی و دەرەکیەکانەوە ببەستن بۆ دەستکەوتنی داتا و شیکاری و ڕاوێژ سەبارەت بە کێشە هەنووکەیی و درێژخایەنەکان.

هـ - خواست و ویستی ئەو پێکهاتانەی نوێنەرایەتیان دەکەن بگەیەننە لایەنی پەیوەندییدار و بەدواداچوونی کەیسەکانیان بۆ بکەن، بۆخاتری زامینکردنی یەکسانی کۆمەڵایەتی و بەیەکچاو سەیرکردنی سەرجەم پێکهاتەکانە.

دیارە کە هەرێمی کوردستان لە قۆناخی گەشەکردن دایە و هێشتا سنووری فەرمانڕەوایەتی و پێکهاتەکانی کۆمەڵگایەکەی قابیلی گۆڕانکارین. واتە، هەر لە ئێستاوە پێویستە ڕەچاوی گۆڕانکاریە مەزنەکانی داهاتوو بکرێت، بەتایبەتی کە هەرێم چاوی لە یەکگرتنەوەیە لەگەڵ ناوچە کوردستانیە دابڕێندراوەکان. بۆیەش، ئەو دوو ئەنجومەنەی کە لێرەدا باسیان لێوە دەکرێت بە شێوازێک داڕێژراون کە قابیلی گەشەکردن و فراوانکردن و پەرەپێدان بن.

## قۆناخەکانی گەشەکردنی دوو ئەنجومەنەکە

### قۆناخی یەکەم: لە خولی ئێستای پەرلەمان.

لە ئێستادا، لە هەرێمی کوردستان یازدە پەرلەمانتار هەن کە لە چوارچێوەی پەرلەمانی هەرێمدا نوێنەرایەتی پێکهاتەی تورکومان و کلدانی و ئاشووری و ئەرمەنیەکان دەکەن. ئەوەش لە قۆناخی یەکەمدا دەسپێکێکی زۆر باشە و دەکرێ ئەوانە ببنە دامەزرێنەری یەکەمین ئەنجومەن بۆ هەردوو پێکهاتەی ئێتنی و ئایینی، و بە زووترین کات دیراسەتی پێداویستیەکانی پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکان بکەن و پەیڕەو و پرۆگرامێکی گونجاو بۆ کاری ناوەکی و دەرەکی ئەنجومەن دابڕێژن. دواتر، بە هەماهەنگی لەگەڵ لێژنەکانی دیکەی پەرلەمان و هاوکارانی دەرەوەی پەرلەمان، پرۆژەیاسایەکی تایبەت بە کاری ئەو ئەنجومەنە و دابین کردنی مافی پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکانی هەرێمی کوردستان پێشکەش بە پەرلەمان بکەن.

### قۆناخی دووەم: لە خولی ئایندەی پەرلەمان.

دیارە کە لەو خولەی ئێستای پەرلەماندا پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکانی وەک عەرەب و ئێزدی و کاکەیی و زەردەشتی و سابیئەی مەندائی و بەهائی نوێنەریان (بە کۆتا یان بێ کۆتا) لە پەرلەمانی کوردستاندا نیە، ئەگەرچی زۆر لەوانە ژمارەیان لە سێ پارێزگایەکەدا بایی ئەوەندەیە کە بەبێ چاوەڕێکردنی یەکگرتنەوەی هەرێم لەگەڵ ناوچە دابڕێندراوەکان نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ دیاری بکرێت.

بۆ ئەو مەبەستە، پێویستە بەبێ دواکەوتن و پێش هەڵبژاردنی ئایندە پرۆژەیاسایەکی نوێ بۆ زیاد کردنی کۆتای کورسیەکانی پەرلەمان و بەپێی ڕێژەی گونجاو بۆ سەرجەم پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکان دابڕێژرێت و لە هەڵبژاردنی ئایندەدا کاری پێ بکرێت. لەو حاڵەتەدا دەکرێ ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمان بە خستنەسەری ئەو کورسیانە زیادە بکرێت تاوەکو زیادەکردنی کورسی بۆ عەرەب و ئێزدی و کاکەیی و زەردەشتی و ئەوانی دیکە لەسەر حیسابی پێکهاتەی زۆرینەکەدا نەبێ و چانسی بەرهەڵستی کردنی ئەو پرۆسەیە کەمتر دەبێ.

بەو پێیە، لە قۆناخی دووەمدا (ساڵی ٢٠١٨ بەولاوە)، سەرجەم پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکان نوێنەریان لە پەرلەمان دەبێ و ئەوکات هەردوو ئەنجومەن، یەکێکیان بۆ پێکهاتە ئێتنیەکان و ئەوی تر بۆ پێکهاتە ئایینیەکان، بە تەواوی دادەمەزرێندرێن.

## قۆناخی سێیەم: لە دوای گەڕانەوەی ناوچە دابڕێندراوەکان.

ئەگەر بە پێی ڕیفەراندۆم بێ وەیان ڕێکەوتنێکی سیاسی گشتگیر، کە ناوچە کوردستانیە دابڕێندراوەکان گەڕێندرانەوە سەر ئیدارەی هەرێم، ئەوا ژمارە و ڕێژەی پێکهاتە جیاوازەکان گۆڕانکاری گەورەیان بەسەر دادێت، و پێویست بەوە دەکات کە سەرژمێری لەو ناوچانە بکرێ، و پشکی هەر یەکە لە پێکهاتەکانی هەرێم لە کورسیەکانی پەرلەماندا دیاری بکرێت. دیسانەوە، ڕەنگە پێویست بکات کە ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمان بە گشتی زیاد بکرێت (بۆ دووسەد کورسی بەلایەنی کەمەوە) و ژمارەی کۆتاکانیش بە پێی ڕێژە و قەوارەی کۆمەلگایەکانیان بڕیاریان لەسەر بدرێت. خۆ ڕەنگە هەندێک لە پێکهاتەکانی وەک تورکومان و عەرەب و ئێزدی لە ژمارە و ڕێژەی خۆیان ڕابیبنن کە بەبێ کۆتا بچنە ناو پەرلەمانەوە، وەیان داوای گۆڕینی هاوکێشەکان (فۆرمیولایەکان) بکەن. پێکهاتەکانی دیکەی وەک کاکەیی و زەردەشتی و سابیئەی مەندائی و بەهائی کە لە کێبرکێی گشتیدا ڕەنگە نەتوانن بەئاستی شایستە نوێنەر بە مسۆگەری بنێرنە ناو پەرلەمانەوە، ئەوا پێویستیان بە پاڕاستنی کورسی بە کۆتا دەبێ.

## دوا پەیام

بەڵگە نەویستە کە ئاستی زامینکردنی مافی هاوڵاتیان کاریگەری لەسەر سەقامگیری و ئارامی دەبێت نەک تەنیا لە هەرێمی کوردستان بەڵکو لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش. راستە، لە یاسا و ڕێساکانی هەرێمدا زۆر لە مافەکان دانیان پێدانراوە، بەڵام چەسپاندنی مافی هاوڵاتیان لە دەستووردا دەبێتە مایەی دڵنیاکردنەوەیان چونکە دەستوور وەک یاسا نیە کە هەموو کاتێک بە ئاسانی هەموار بکرێتەوە، بەڵکو کۆنتراکتێکی کۆمەڵایەتی گشتی و نیمچە جێگیرە لە نێوان خەلک و حکومەتدا و دەبێتە چوارچێوەیەک وەیان نەخشەڕێگایەک بۆ چەسپاندن و پاراستنی مافی هاوڵاتیان. کەمینەکانی هەرێمی کوردستان هەمیشە بەشێکی گرنگی کۆمەڵگای کوردستانی بوونە. هەر بۆیەش پاراستنی مافی ئەوان هاوکار دەبێت لە ئارامکردنی ناوماڵ و دەورودراوسێی باشووری کوردستان و گەشەپێدانی سیستەمی فەرمانڕەوایەتیەکەی بۆ مەودای دەیان ساڵی ئایندە.

بە مەبەستی جێگیرکردنی دروستکردنی ئەنجومەنی کەمینەکان لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا، ئینستیتیوتی مێری پێشنیاز دەکات کە لێژنەی نووسینەوەی دەستوور ئەم بڕگەیەی کە لەخوارەوە هاتووە زیاد بکات لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستاندا:

"دامەزراندنی دوو ئەنجومەن بۆ پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکان لە چوارچێوەی پەرلەمانی کوردستان، بۆ زامین کردنی بەشداریێتیان لە پرۆسەی یاسادانان و بڕیاردان و جێبەجێ کردن و بەدواداچوونداً."

**پێشنیازی ئینستیتیوتی مێری بۆ لێژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان..**

**زیاد کردنی ئەم برگەیەی خوارەوەیە لە ڕەشنووسی دەستوور:**

**"دامەزراندنی دوو ئەنجومەن بۆ پێکهاتە ئێتنی و ئایینیەکان لە چوارچێوەی پەرلەمانی کوردستان، بۆ زامین کردنی بەشداریێتیان لە پڕۆسەی یاسادانان و بڕیاردان و جێبەجێ کردن و بەدواداچوونداا"**



ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە

هەولێر- هەرێمی کوردستان - عێراق
info@meri-k.org | +964(0)662649690
facebook.com/meri.info | twitter.com/meri_info
WWW.MERI-K.ORG